# رۆژی گەل

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (200) یەکشەممە 2007/12/16


## تەنگژەی نێوان سەدرو ئەلحەکیم قوڵ دەبێتەوە

رۆژی هەینی 14ی ئەم مانگە وتاربێژی ئەو مزگەوتانەی کەسەر بە رەوتی سەدرن زۆر بە توندی رەخنەیان لە عەبدولعەزیز ئەلحەکیم گرت، بەوە تۆمەتباریان کرد کە زوو سەردانی ئەمریکا دەکات، بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە ئەمریکا هەوڵی لێدان و دوورخستنەوەی رەوتی سەدر دەدات، هەروەها ئەویان بە هۆکاری سەرەکی لە کوشتن و راوەدوونانی ئەندامانی سوپای مەهدی دانا کە هێزەکانی ئەمریکا ناوە ناوە پەلاماریان دەدەن و دەیانکوژن و دەستگیریان دەکەن.

شێخ عەبدولهادی مەحمەداوی پێشنوێژو وتاربێژی مزگەوتی کوفە، ئەندامی باڵای رەوتی سەدر پێرێ لەکاتی وتاری نوێژی هەینیدا زۆر راشکاوانە گوتی:" من روو لە ئەنجوومەنی باڵا دەکەم! با لەمەرجەعەکان بپرسن ئایا ئەو کارەی ئەوان راستە" ئەمەش بە سەرەتای تەنگژە داددەنرێ کە لەوانەیە لە رۆژانی داهاتوو ئاکامەکانی وەدیار بکەون.


ل3 بەیاسا بزاڤی رۆژنامەوانی دەخنکێنن

ل4 دڵنیانەبوون لە دەرمان گرفت دروست دەکات

ل5 جیاوازی نێوان هەڵبژاردنەکانی دانمارک و کوردستان

ل6 چیرۆکێکی راستەقینە لەبەهەشتی ژنانەوە

ل7 کوردستانی لاوازو عیراقی بەهێز یان کوردستانێکی سەربەخۆ..


# مەعمەر قەزافی، سەرۆکی لیبیا: من داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و لایەنە کوردیەکانیش داوای فیدراڵی دەکەن




ئێوارەی رۆژی پێنجشەمە 2007-12-13 رێکەوتی معەمەر قەزافی سەرۆکی کۆماری لیبیا لە شوێنی حەوانەوەی تایبەتی خۆی لە هوتێلی مارینی لەنزیک کۆشکی سەرۆکایەتی ئلێزا لەپاریس پێشوازی لە شاندێکی کوردستانیان کرد کە دڵشاد بارزانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا، نوێنەری چەندین لایەنی سیاسی و چالاکڤانی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی بەشداریان تێدا کردبوو.

سەرەتا سەرۆک قەزافی خۆشحاڵی خۆی بۆ سەردانی شاندی کوردستان دەربڕی و بەگەرمی پێشوازی لێکردن و خۆشحاڵی خۆشی بۆ دیداری کوردان پێشاند و لەپێوەند بە پشتیوانیکردنیان لەسەردانەکەی بۆ فەرەنسا سوپاسی کردن، ئەوسا جەختی لەسەر هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی سەبارەت بە دۆزی رەوای گەلی کوردستان کردەوەو هیوای خواست کە نەتەوەی کورد بە مافە رەواکانی خۆی لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاکی باب و باپیرانی شاد و سەفراز بێ.


بۆ لاپەڕە 3


## رۆژنامەوانان دژی یاسای کاری رۆژنامەوانی رادەوەستن

رۆژی هەینی 14-12-2007 ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەوانانی کوردستان بۆ نارەزایی دەربڕین لەسەر یاسای کاری رۆژنامەوانی لە دەورەی یەکتر کۆبوونەوەو مەترسیەکانی کارپێکردنی ئەو یاسایەیان خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە. رۆژنامەوانان یاداشتێکیان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرزکردۆتەوەو داوایان لێکردووە کە یاساکە ئیمزا نەکات و بۆ پەرلەمان بیگێڕێتەوە.

راستیەکەی پەسندکردنی پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەوانی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە کە تەنیا 6 کەس دەنگی بۆ نەداوە، رۆژنامەوانانی دووچاری ترس و نیگەرانی کردۆتەوە، لەو باوەڕەدان کە ئەمە سەرەتای هەنگاو هەڵگرتنەوەیە بۆ خنکاندنی ئازادی رۆژنامەوانی و ئازادی رادەربڕین.

سۆزان خاڵە شەهاب یەکێک لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دژی یاساکە راوەستاوە دەڵێ: " ئەمە خنکاندنی ئازادییەکانی رۆژنامەنوسان و وەرگرتنی مافی زانیارییە لە کوردستاندا،

## کابینەی مالکی هەڵدەوەشێتەوە

هەواڵەکان: دوای ئەوەی هاوپەیمانی چوار قۆڵی لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیان کە لەبەغداد بۆ تاوتوێکردنی رەوشی هەنووکەیی، دامەزراندنی چەکدارانی رابوونی عێراق، ئازادکردنی گیراوەکان و چۆنیەتی رەفتاکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە رێکنەکەوتن و رامان و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، سەرچاوەیەک ئاشکرای کردووە کە بیر لە گۆڕینی نوری مالکی کراوەتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان نوری مالکی و عەبدولعەزیز رازی نەبوونە کە حەفتا هەزار لە چەکدارانی رابوونی هۆزەکانی عێراق لە رێزی سوپای عێراق وەربگیرێن، هەروەها ئامادەنەبوونە بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە بووردنی گشتی بۆ گیراوەکان دەربچێ کە ژمارەیان لە سی هەزار تێپەڕی کردووە.

سەرچاوەکان ئاشکرایان کردووە کە سەرۆک تاڵەبانیش بێهیوایی خۆی لە تواناکانی نوری مالکی پێشانداوە، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی کابینەی نوری مالکی بەباشترین دەرفەت بۆ دەربازبوون لەو تەنگژەیە دادەنرێ کە ئەمڕۆ حکومەتی عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێ، هەروەها ئاشکرابووە کە چەندین لایەنی عێراقی داوایان لە بووش کردووە کە چیتر پشتیوانی لە مالکی نەکات. بەوهۆیەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ لە سەرەتای ساڵی تازەدا کابینەی مالکی هەڵبوەشێتەوە.

## جەژن ناکۆکی نێوان سوننەو شیعە زیندو دەکاتەوە

**هەواڵەکان**: دوای ئەوەی ئەنجوومەنی باڵای دادی عەرەبستانی سعودیە رایگەیاند کە 19ی ئەم مانگە یەکەمین رۆژی جەژنی قوربان دەبێ، داواشی لە موسڵمانان کرد کەدەبێ خۆیان بۆ ئەو جەژنە ئامادە بکەن و بیکەن بە جەژنی برایەتی نێوان ئایینەکان، هەرزوو هێزە سوننەکان و پیاوانی ئایینی سوننە لە عێراق پێبەندبوونی خۆیان بەو داوایە ئاشکراکرد، کەچی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان رایگەیاندووە کە رۆژی هەینی واتە 21ی ئەم مانگە یەکەمین رۆژی جەژنە، بەوهۆیەشەوە داوای لە پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە کردووە کە لەم رۆژەدا جەژن بگرن. ئەمەش بەسەرەتای زیندوو بوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان سوننەو شیعەکانی عێراق لێکدەدرێتەوە.

راستیەکەی ئەنجوومەنی باڵای دادی عەرەبستانی سعودیە کە خۆی بە باڵاترین دەستەڵاتی ئایینی دەزانێ، بەهۆی پێگەو شوێنی کارکردنیشیەوە لە دیاریکردنی رۆژەکانی جەژن و مەراسیمە ئایینیەکاندا سوننەکان پەیڕەویان لێدەکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە لە رێگەی تەلەفۆنەوە یەکێک لە حاجیانی کورد بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند لە لێرەش سوننەو شیعەکانی عێراق رێکناکەون، لەیەکتر نزیک نابنەوەو بەیەکەوە مەراسیمەکان ئەنجام نادەن.

ئەو حاجیە کوردە جەخت دەکاتەوە کە ئەوان وەکو کورد هیچ کێشەو ناکۆکیان لەگەڵ موسڵمانانی دیکەدا نیە، زۆر بە ئاسایی تێکەڵاوی شیعەو سوننەکان دەکەن، بەڵام عەرەبەکانی عێراق پێوەری شیعەبوون و سوننەبوونیان لەنێوان خۆیاندا زەق کردۆتەوەو کێشەکانی خۆیانی پێ گەورەتر دەکەنەوە. بەوهۆیەوە ئاشکرابووە کە سوننەو شیعەکان لە عێراق جەژنی قوربان جیادەکەنەوە وا پێدەچێ لە ماڵی خواش لەیەک رۆژدا نەیکەن بە جەژن.

## رۆژەڤ

دوای ئەوەی سیناریۆی هەڕەشەکانی لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان کاڵ بۆوە، دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەڕایەوە کوردستان و دیدارەکانی خۆی لەگەڵ میوانان و بەرپرسانی دیکە دەست پێکردەوە، ئیدی کامێرای چاوی کوردستانیان لەسەر کەرکوک و ماددەی 140 گیرساوەتەوە، تەنانەت نزیک بوونەوە لە تەواوبوونی وادەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 هەموو ئەو پەیمان و بەڵێنانەی وەدەرخستووە کە بەبۆنەو بێ بۆنە دەرخواردی کوردستانیان دەدرا، بۆیە ئێستا خەمخۆرانی کوردستان و سەربەخۆخوازان متمانە بە بەڵێن و قسەی ئەوانە ناکەن کە بەهاریان تا گەردەن هێنابوو! ئێستا کەرکوکیەکان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە پشت بەستن بە بەڵێن و پەیمانی بەرژەوەندخوازان جگە لە هەناسە ساردی شتێکی دیکەی لێ شێن نابێ، بۆیە دەبێ بەشێوازێکی دیکە هەوڵی ئازادکردنی پێناسەی کوردستانیبوونی کەرکوک بدرێ و لە دەست ستەم و داگیرکاری رزگار بکرێ.

ئەوانەی کە تا ئەمڕۆش خۆشخەیاڵانە لە ماددەی 140 دەڕوانن وپێیانوایە لەو چەند رۆژەی کە ماوەتەوە تەواوی هەنگاوەکان جێبەجێ دەکرێ، ئەوانەی زۆر بێباکانە لێدوان دەدەن و لەو باوەڕەش دان کە رەوشەکە ئاسایی دەکرێتەوە! هەم دەرکراوەکان دەگەڕێنەوە هەمیش هاوردەکان دەنێردرێنەوە! ئەوان قەوانی سواو لێدەدەنەوە، پێیانوایە هەم سەرژمێری گشتی ئەنجام دەدرێ! هەمیش ریفراندۆم بەڕێوەدەچێ، دەبێ دان بەو راستیە دابنێن کە بەهۆی بۆچوونە نازانستی و نا لۆژیکیانەی ئەوانەی هەم کێشەی کەرکوک هەرزان فرۆش بووە، هەمیش ماددەی 140 ئێکسپایەر بووە، ئیدی سوودی لێوەرناگیرێ.

داننان بە راستیەکان و پەشیمان بوونەوە لە بۆچوونە هەڵەکان ئەگەر وەدرەنگیش کەوتبێ، هێشتا زۆر لەوە باشترە کە بەئەنقەست بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی یاری خاپاندن پێداگری لەسەر بکرێ.

دەبێ ئەمجارەیان بوێری ئەوەمان تێداهەبێ کە دان بەوە بنێین کە فێڵمان لێکراوە، لەکایەی دانوستاندن و رامیاریدا کڵاومان لەسەرنراوە، لێهاتوویی و دیبلۆماسێتی ئێمە لەبەرانبەر ئەواندا کورتی هێناوە. ئەگەر بوێری ئەوەمان تێداهەبێ، هێشتا دەرفەتی گێڕانەوەی کەرکوک لەدەست دەرنەچووە، هێشتا مانەوەو رووخاندنی کابینەی مالکی لەدەست ئێمەدایە، هێشتا بۆ لەسەر پێڕاوەستانی عێراقی یەکگرتوو! کاریان بە ئێمە هەیە، هێشتا بۆ تەواوکردنی هاوکێشەکانی ناوچەیی و جیهانی سەرەداوێک لەدەست ئێمەدا ماوەتەوە، بەڵام ئەگەر لەخۆ باییانە رەفتار بکەین و ئامادەیی ئەوەمان تێدانەبێ کە چاو لە بەرپێی خۆمان بگێڕین، دەبێ شان نزمی ئەوەمان تێداهەبێ و بەوە ڕازیبین کە مێژوو لەسەرمان دەنووسێ و بە نموونەیەکی شکستخواروو دەمانناسێنێ.

## بەرەی تورکمانی ئاهەنگ بۆ مەرگی ماددەی 140 دەگێڕێ!

بەرەی تورکمانی کە بەدەسکەلای دەزگەی سیخوڕی تورکیا تۆمەتبار دەکرێ، هەر لەسەرەتاوە دژایەتی خۆی بۆ ماددەی 140 راگەیاندووەو هەوڵی داوە جێبەجێ نەکرێ و رەوشی کەرکوک ئاسایی نەکرێتەوە، ئێستا لەگەڵ نزیک بوونەوە لە کۆتایی وادەی ماددەکە ئەوان ئاهەنگ و شادی دەگێڕن و تەپڵی مەرگی یەکجارەکی بۆ لێدەدەن.

ماڵپەڕی تورکمان ئیللی گۆڕی بۆ هەڵکەندووەو فاتیحای بۆ خوێندووە،

سەرچاوەیەک بە **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە سەرانی بەرەی تورکمان ئامادەکاری ئەوە دەکەن لەگەڵ کۆتایی هانتی ساڵی 2007 بەبۆنەی تەواوبوونی وادەی ماددەی 140و بە نیشانەی سەرکەوتن بۆ خۆیان ئاهەنگێکی گەورە لە کەرکوک ساز بکەن. هەروەها بیریان لەوە کردۆتەوە کە تورکمانەکان بهێنە سەر شەقامەکانەوە!!

## یەکێتی ئەوروپا ئامادەکای بۆ سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ دەکات

**رۆژی** هەینی 14ی ئەم مانگە رێبەرانی یەکێتی ئەوروپا لە برۆکسل رەزامەندی خۆیان دەربڕی تا نێردەیەکی بەڕێوەبەری و هەزارو هەشت سەد پۆلیس بۆ هەرێمی کۆزۆڤۆ رەوانە بکەن، چونکە ئەگەری بەهێز لە ئارادایە کە سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

بۆ هێورکردنەوەی رەوشەکە رێبەرانی ئەوروپا داوایان لە سربستان کردووە تا بەپەلە ئەندامێتی خۆی لە یەکێتی ئەووپا مسۆگەر بکات، بەڵام بەلگراد نیگەرانی و تووڕەیی خۆی راگەیاندووەو ئەوانی لە ئاڵۆزبوونی رەوشەکە تۆمەتبارکردووە.

جێگەی ئاماژەیە کە پێشتر **تیم گۆڵدمان** سەرۆکی نێردەی رێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوڕوپا لە هەرێمی کۆزۆڤۆ ئاشکرای کردبوو کە سەبری خەڵکی کۆزۆڤۆ تەواو بووە، ئەگەر کارێک بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکە نەکرێ، لەوانەیە جارێکی دیکە بیر لە پڕۆژەی ئەلبانیای گەورە بکەنەوە کەئەمەش مەترسییێکی گەورە دروست دەکات.





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com